
www.kurdistannet.org
22-2-2006 13:31 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ڕاگەیندراوی بە پەلە!







نێزیك بە 150 پەنابەری کوردی ئێرانی لە تورکیە (کەیسی ناسراو بە شمال عراق) ئەورۆ هەر لە سەعات 9 ی بەیانی بە کاتی تورکیە بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی خۆیان بەرانبەر بە بەزۆر ڕاگیرانیان لە تورکیە و ڕێگا نەدان بە نیشتەجێ بوونیان لە وڵاتی سێهەم دا کە ماوەی 5 ساڵە ژیانێکی ئەستەم و چارەنووسێکی نادیاری بە سەر ئەو پەنابەرانە دا سەپاندوە لە بەر دەم بارەگای UNHCR لە ئانکارا دا کۆبوونەتەوە.
سەرەڕای ئەوەی کە پولیس هەر لە چەند ڕۆژی ڕابردووەوە بە پەنابەرانی ڕاگەیاندبوو کە بە سەختی سزا دەدرێن بەڵام دیسان پەنابەرانی وەزاڵە هاتوو بەرەو ئانکارا چوون تا بە دەربڕینی دەنگی ناڕەزایەتی خۆیان لە بەر دەم بارەگای کومیسارییای بەرزی پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتوەکان دا داوای ڕوون کرانەوەی هۆکارەکانی پێشگیران لە نیشتەجێ کرانیان لە وڵاتی سێهەم دا بکەن.
پولیسی ئانکارا هەر پێشتر ئامادەکاری بۆ پێشگرتن لەو حەرەکەتەی ئەنجام دابوو بۆیە هەر لە ترمینالی ئەو شارەدا 30 پەنابەری دەستگیر کردوە و 150 پەنابەری دیکە لە بەر دەرکی UNHCR لە ئانکارا لە گەمارۆی پولیس دان و پێویستیان بە پشتگری ئێوە هەیە.
داوا لە هەموو خەڵکێکی دڵسۆز، ڕێکخراوەکانی بەرگری مافی مرۆڤ و پەنابەری و کەسایەتی وحیزبە سیاسییەکان دەکەین پێش ئەوەی ڕووداوێکی دڵتەزێنی وەکو دیپورت کرانەوەی "کەریم تووژەڵی" بێتە گۆڕێ دەنگی خۆیان بۆ پشتگری ئەو پەنابەرانە و ئازادی گیراوەکان بەرز کەنەوە.

2006/02/22

ئازاد

